# ﴿36﴾

روانگەی تر بۆ

# عیبادەتی خوا

## و بەرژەوەندی کۆمەڵ

بەردەوام دەبین لەسەر باسی رابردومان کە پەیوەندی بە مەبەستێکی تری شەرعیەوە هەیە، کە شەریعەت نەفس دەپارێزێ، پێشتر ئاماژەمان پێداوە کە لە گوتاری پێغەمبەردا ﷺ لە (حجە الوداع)دا باس کراوە کە خوێنی موسڵمان، شەرەفی موسڵمان، موڵك و سەروەت و سامانی موسڵمان، حەرامە بۆ یەکتر تاقیامەت زوڵم و تەعەددا حەرامە تارۆژی قیامەت، ئەم شەریعەتەش هاتووە بۆ پاراستنی نەفسی موسڵمان ژیان بەمەفهومی ئیسلامەتی ئەبێ پڕبێ لەکەرامەت، لەئاشتی، لەهاوکاری، لەخۆشەویستی، پڕبێ لەدادپەروەری، ژیانێك کە ستەمی تیابوو پێی ناوترێ ژیان، لایق نیە بەئینسان، ژیانێك خۆشەویستی تیانەبێ، تامی ژیانی تیانیە، ژیانێك ئاشتی تیانەبێ بەمەفهومی ئیسلامی شیاو نییە بەئینسان، دەسەیری دەوروبەری خۆت بکەو نەخشەی جیهان بخەرە بەردەمت چ ناوچەیەك ململانێو شەرو ستەمگەرێو ئاشوبی تیانییە؟! تیبینی بکە: سادەترین شت رادیۆ، رادیۆ کە جیهازیکە پەیوەندیت پێئەکا لەگەل دونیادا بۆچی ٣٪ی رادیۆ لەو ئەفەریقا گەورەدابێ بەلام ٤٣٪ی لەئەمەریکا دابێ؟ ئەفەریقا کە چواریەکی دانیشتوانی سەر زەوی پیك دەهینێ لەوێدا چل و ئەوەندە دەولەتن ٣٪ رادیۆ ئامادەیی هەیە!!! لەسەد کەسی ئەفەریقا تەنها پینجیان رادیۆیان بەرئەکەوێ!! میلیۆنەها منالیان لێ دەمری لەبەر نەبوونی ڤاکسینی (لوقاح) کە پێی بکوترین دژ بەشەلەل و کۆکە رەشەو سوریژە لە حەفتاکان ساڵانە (نۆ ملیۆن) منال مردوون دەرمانەکەش بایی چەندە؟ بایی سەد فلسی ئیمەیە!! بیینە سەر تەلەفزیۆن، هەموو مالیك لەئەمەریکا دوو تەلەفزیۆنی بەردەکەوێ، حکومەتی ئەمەریکی (وەزارەتی تەندروستی ئەمەریکی) ئەیکا بۆیەك کەس کەنەخۆش بی بەدەردی (H.I.V) ئایدز ئەو دەرمان و ریگاچارانەی وەزارەتەکە ئەیکا بۆیەك کەس بۆیەك هاولاتی خۆیان زیاترە لەبودجەی وەزارەتی تەندروستی چەند ولاتیکی ئەفەریقی، بەئیمە ئەلین جیهانی سێیەم ، سەدو ئەوەندە دەولەتین نابی نفوستان زیادبی، خواردنی جیهان بەش ناکا، بەلام نفوسی سەگەکانیان زیا ئەکا سال بەسال نابی بەشەر زیادبی! بەلام سەگەکانیان قەیناکە! بازیاد بن! خواردن بۆ بەشەرنیە بەلام بۆ سەگەکانیان هەیە!! ولاتیکی وەکو (بەنگلادش) کە ئەگەر ریژەی داهاتی ئەو وولاتە دابەش کری بەسەر هاولاتیانا سالانە یەکی (٥٠) دۆلاری بەرئەکەوێ، بەلام هەموو هاولاتیەکی ئەمەریکی نزیکەی (٢٠٠) دۆلار خەرج ئەکا لەسەگەکەیا سالانە بەشامپۆو بەخواردن و بە عەیادەو دەرمان! بەلام تیروانین بۆ مرۆڤ لە رووبینای ئیسلامەوە جۆریکی ترە: کاتیك ئەو منالە دروست ئەبی لەسکی دایکیا هەموو مافیکی بۆ دابین

دەكات، هيشتا چاوی دنيای نەبينيوە ميراتی بەرئەكەوی، فەرمان دەكات بەو دايكە هەر جوولەييك زەرەری بۆ ئەو منالە هەبی نەيكا، هەچ خواردنی هەر دەرمانی زەرەری هەبی بۆ ئەو مندالە نابی بيخوا، جگەرە حەرامە بۆ دايكيك حاميلە بيت جگەرە بكيشێ چونكە زەرەری ئەبێ بۆ ئەو منالە، پيغەمبەری خوا ئەفەرموی ﷺ (لا چرر ولا چرار)[1] ئەم فەرموودەيە زۆر وردو كورت و پوختە، لەبەری كەن (لا چرر ولا چرار) يەكيك دكتۆرای وەرگرتووە لەحەفتاكاندا لە ئەزهەر لەسەر ئەم فەرمودەی پيغەمبەرە (صلی الله عليە وسلم) واتە: هەرشتی زەرەری بەشەريكی تيابی زەرەری كۆمەليكی تيابی با ئيستاش نەبی بالە دواڕۆژدا بيت هەر حەرامە بكری، ئەمەندە پيرۆزە ئەم دينە لەبەرئەوەی ئەو جگەرەيە ئەو نيكۆتينە زەرەر ئەدا لەو منالە حەرامە ئەو دايكە جگەرە بكيشی، ديسان فرمانی هاتووە بۆ دايكەكە سەبارەت بە منالەكەی ﴿والوالدات يرچعن اولادهن حولين كاملين لمن اراد ان يتم الرچاعه﴾[2] دايك ئەبی شير بدا بەو منالە ئەبی بيپاريزی لەسەرماو گەرما ئەبێ خزمەتی بكا. بەم جۆرە ژيانی مرۆڤ لەهەموو بواريكەوە ئەبی سەعادەت و كامەرانیو بيمەی تيابی بۆ مرۆڤ، پيغەمبەری خوا ئەفەرموی (لا تۆژی جارك بريح قدرك) عەزيەتی دراوسيكەت نەدەی بەبۆنی مەنجەلەكەت، ئەگەر خواردنەكە خۆشە عەزيەتی مەدە، ئەگەر ناخۆشە عەزيەتی مەدە، هەندی كەس حەمام گەرم ئەكەن بەلاستيك و عەلاگەو نايلۆن كە ئەم ماددانە هۆكاری تووش بوونن بە شيرپەنجە (ئەم زەرفو نايلۆنانەی لەولاتی ئيمەدا هەيە لەزۆر ولاتا چەند ساليكە نەماوون، هەمووی بۆتە كاغەز، چونكە ئەو نايلۆنە ئەگەر بيسوتينی هەر خراپە ئەگەر نەشی سوتينی رووبەريكی زۆر گەورە داگير ئەكا، ئەمە هەمووی زەرەرە لەدراوسی، ئەو دراوسييەی كە پيغەمبەری خوا ئەفەرموی: (مازال جبريل يوصينی بالجار حتی ڤننت انه سيورپه)[3] ئەمەندە جبريل پێی ئەوتم (دراوسی دراوسی) وام دەزانی كە ميراتی بەرئەكەوی. تۆ يەيت بەهەوەسی خۆت لەحەمامەوە دووكەل دروست ئەكەی لەسەريارەكەتەوە دووكەل دروست ئەكەی پيغەمبەری خواش ئەفەرموی (لا چرر ولا چرار) ئەو دووكەلەی كەلەسەيارا هەيە ($pbso_4$) ی تيايە كە منال هەلی ئەمژی لەخوينیيەوە ئەچيتە ميشكی ئيتر زيرەكی يەكەی ئەكوژی، ئەو ماددەيە ئيستالە ئەوروپا نەماوە، نايكەنە بەنزينەوە، هی ئەوان پێی ئەوتری (Free lead) ئەوەی ئيمە ئەو ماددە ژەهرەی تيايە بەهەوەسی خۆت بە پاسەكەت بەسەيارەكەت دووكەل بلاوئەكەيتەوە بەرووی خەلكا.

مەسەلەی دەنگ: ئەو بلندگۆيە نارەحەتی كردووين. (لەم كاتەدا ماليك(مولود) يان دەخوين بە (مكبرە) ە دەنگەكەی دەگەيشتە ئيمەو تيكەل دەبوو بەووتارەكەمان.) لەسالی ١٩٢٩ لەشاری (نيويورك) مەسحی كرا بۆ ئەو كەسانەی پيشەيان هەيە (صەنعەت كارن) (ئيمە شت بەكيلۆ ئەكرين، دەنگ بەديسەبل ئەپيوری كە قياسيكی (لۆگاريم)یيە بۆ تەوژمی شەپۆلی دەنگ)، ئەم زانايانە هاتن: بەرگ دروو، ئاسنگەر،... هەر سەنعەت كاريك ئاميرەكەيان لەلای گوێيەوە دائەنا، بزانن چەند لەتەوژمی دەنگ رۆژانە ديتە گوێی ئەو سەنعەت كارەوە؟ لەلايەكی ترەوە ليكۆلينەوەيەكی زانستيان كرد كەلە (٦٠) ديسەبل و بەرەو ژوور زيان ئەدا لەگوێی ئينسان، زيانی ئەو (٦٠) ديسەبل و بەرەوژوورە ئەگەر بەردەوام بی گوێی گران دەكات، پاش ئەو ئامارەی كە كرا ئەو دەنگانەی كەسەروو (٦٠) بوون يەكسەر ئامۆژگاری يان كردن يان گۆران كاريەك بكەن لە ئاميرەكەياندا يان شتی بكەنە گوييانەوە بۆ ئەوەی گوييان بپاريزی.

خوای گەورە گوێی وا دروست كردووە كە چوار هەزار قەوسی تيايە لەناو گوێی ئينسانا، كە تەوژمی دەنگ ديتە ناوی ئەم قەوسانە ئەلەرنەوە لەگەل دەماری بيستندا دەنگەكە دەگويزنەوە بۆ قەدی ميشك كەيەكسەر تەفسيری دەكات، بەلام كە دەنگەكە زۆر بوو گەيشتە (٦٠) دەسيبل و بەرەوژوور، ليدانی ئەم تەنە هيلاليانە

---

(1) موطا مالك / المكاتب / باب: مالايجوز من عتق المكاتب، هەروەها هەمان سەرچاوە كتاب / الأقضية / رقم (١٢٣٤) هاتووە.. هەروەها مسند أحمد / رقم (٢٧١٩).

(2) البقرة / ٢٣٣.

(3) صحيح البخاري / كتاب الادب / ٥٥٥٥.

(قەوسەکان) سوواندنی تیا دروست دەبیٚ، ئەو ئامێرەی قیری پیٚ هەڵئەکەنریٚ (١٢٠) دەسیبڵ ئەخوێنێتەوە! کەچی زۆر کەس یەن بەدیار ئەو کرێکارەوە ئەوەستیٚ کە جادەکە هەڵدەتەکێنیٚ منداڵەکانیش دێن ئەوەستن (کە گویٚی منداڵ زۆر ناسك ترە لەگویٚی من و تۆ پێویستە منداڵ دووربخەنەوە لەویا کەچی جاری واهەیە گەورەکان منداڵەکان بانگ ئەکەن) بەدیار ئەو کرێکارەوە دەبن! کە ئەو ئامێرە بەکار دەهێنیٚ (١٢٠) دەسیبڵ ئەخوێنیٚتەوە، دووقاتی ئەوەی کە لە جیهاندا ڕیٚی پیٚ دراوە) یاخود ئاسنگەر هەندیٚ جار کە چەکوشی پۆڵا ئەکێشیٚ بە ئاسنا ئەچێتە (١٥٠) دەسیبڵ، زەلام کاس ئەکا. پێغەمبەری خوا ئەفەرمویٚ ﷺ (لاچرر و لا چرار) هیچ مافێکت نیە هەوا پیس بکەی بەدووکەڵ. هیچ مافێکت نیە ئەو دەنگە بگەیەنی بەمن. مافی ئەوەی نی‌یە ئێستا ئەو دەنگەبە (بلنگۆ) ئەگەیەنی بەئیمە، حەرامە.

مەسەلەی بانگ: مەسەلەی بانگ دان بەریزان لە (١٢٠) هەزا صەحابە پیغەمبەری خوا دووسی کەسی هەلبژاردووە کە بانگ بدەن، نەی هیشتوە کەسی تربانگ بدات، بانگەکە بەزەنگ و بەئامیرو بەمانە نەبووە، بەلکو بەدەنگی ئینسان بووە، چونکە خۆشترین شیوازە بۆ گەیاندنی بانگ، (عبدالله ی کوری أم مکتوم لەگەل بیلالی حەبەشیو چەند کەسی کی دیکەش هەموو دەنگ خۆش بوون) هەرگیز دەنگی ئینسان لەمەسافەی دوورەوە پیٚی سەغلەت نابی قەدناگاتە (٤٠) دیسەبل، ئەمرۆ کە بلندگۆ پەیا بووە پیویستە بەمنارەوە بی بۆیە بەرزتربی لەمالان کەبەرزتر بوو لەمالان دەنگەکە راستەوخۆ نایەتەژوری نوستنەکەتەوە،، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بانگەوازکردن بۆ نویژو بۆ خواپەرستی لەگەل بەرنامەی خوادابگونجیٚو دەنگیکی ئەزیەت دەرو نارەحەت کەر نەبیت کاتیك کەسیك قیرانی بەسەرتا، زوویر ئەبی، بۆچی؟ چونکە دەنگەکە بەرزترە لە (٦٠) دیسەبل ئەگینا یەکیك لە (٦٠) دیسەبل کەمتر قسەت لەگەل بکا ئیزعاج نابی پیی، خوا ئەم بەشەرەی وا دروست کردووە کە بەدەنگی بەرز نارەحەت بی.

تیبینی کەن ئەو بلندگۆ گەورانە دانراون بۆ دەرەوەی بینا، بەلام لای ئیمە لە هۆلی شاییو ئاهەنگەکان لەناو بینادا بەکاردین!!! ئەو بلندگۆ گەورانە پی‌یان دەوتری (Outbuilding loud speaker) کە تایبەتن بە دەرەوەو حەوشە وە بەلام لیرە لەناو هۆلدا بەکار دەهینرین خەلکەکە کاس ئەکەن، زۆربەی خەلکەکەش لەتاو هەلپەرکیو بەزمی خۆی ئاگای لەخۆی نی‌یە تا ئەچیتەوە مالەوە، خەوی ناخۆش ئەبینی و دەنگی نزم نابیستیٚو هەست بە ماندوویتیو بیٚ تاقەتی ئەکات ئەمە هەمووی کاریگەری ئەو دەنگە دەنگەیە لەسەری پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەم شتانەی هەموو چارەسەر کردووە، ئەگەر لەسەر ئەم دینە برۆین، لەسەر ئەم شەریعەتە برۆین کەس گویٚی گران نابیو کەس نارەحەت نابی، تەنها بەجیٚبەجیٚ کردنی (لا چرر ولا چرار).